کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:23 1-5-2007

## کارە باشەکانی دکتۆر زریان جێگای دەست خۆشییە .... هاوری رواندزی.

هەفتەی ڕابردوو (51) مندالّ کە شەقی لّیوی مەلاّشویان هەبوو لەگشت شارەکانی کوردستان ڕەوانەی عەمماتی پایتەختی ئەردەن کران بەمەبەستی نەشتەرگەری بۆیان ئەمەش بەیارمەتی خودی وەزیری تەندروستی جەنابی دکتۆر زریان و بەهاوکاری لەگەلّ ڕێکخراوی ئۆپەرەیشن سمایلی ئەمریکی یەوە بوو. ئەمەش دکتۆر زریان خۆی بەرێیکردن و خۆشی لەکاتی گەرانەوەیان پێشوازی لێکردن و یەکەبەیەکە سەیری نەشتەرگەریەکەی دەکردن تاوەکو بزانێت نەشتەرگەریەکە سەرکەوتووە یان نا. بەمەش دکتۆر زریان سەلّماندی کەخۆشەویستی کارەکەی وای لێدەکات لەهەموو کارێکی پزیشکی دا لەگەلّ بێت و هەموو ئەو دایك و باوکانەش زۆر دلّیان بە وەزیری تەندروستی خۆشە کەبۆ یەکەمین جارە هەولّی چارەسەرکردنی مندالّەکانیان دەدات تاوەکو ژیانێکی خۆش و ئاسودە ببەنە سەر وەهیچ جیاوازیەکی تریان نەبێت لەگەلّ مندالّەکانی تر. کارێکی تر کەمایەی باس کردن و هەلّوەستەلەسەر کردنە ئەوەیە کەوەزیری تەندروستی هەولّی ئەوەی داوە کەئەو ڕێکخراوە بێتە کوردستان و نەشتەرگەریەکان لێرە بکات وای بۆ دەچن کەبۆ ماوەی یەك سالّ هیچ مندالّێك هبێت کە و ئەو نەخۆشییەی هەبێت، ئەمەش جێگای دەست خۆشیە لەجەنابی دکتۆر زریان کەزۆر دلّسۆزانە کارەکانی بۆاری تەندروستی لەهەرێمی کوردستان جێبەجی دەکات لەناو خەلّکی دا بەباشترین وەزیری حکومەتی هەرێم دادەنرێت، بۆیە دەلّێم زۆر پێویستە راگەیاندنەکان کارەباشەکانی وەزیری تەندروستی کەزۆر گرینگن باسی لیًوە بکەن ودەستخۆشی لێبکەن تاوەکو وەزیرەکانی تریش کاری باشی لەو جۆرە بکەن لەکوردستان. من لێرەدا بەسەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رادەگەیەنم کەپێویستە دەستخۆشی لەدکتۆر زریان بکەی کەخۆت دەلّی کەسێکی تەکنۆکراتە خۆشی سەلماندی کە تەکنۆکراتە. لەکۆتاییدا پێت دەلّێم دکتۆر زریان تۆ بەکارە باشەکانت خۆشەویستی مندالّ و گەنج و پیرو هەموو لایەکی.

hawrerwandzi@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.